# ئەندێشە کۆن و مۆدێرنەکان سەبارەت بە دیموکراسی

نووسەر: نۆربێرتۆ بۆبیۆ
و.لە فارسییەوە:عەتا جەماڵی

لیبرالیزم وەك تیۆرییەك سەبارەت بە دەوڵەت و هەروەها ڕێنوێنێك بۆ ڕاڤەی مێژوو, دیاردەیەکی مۆدێرنەو دیموکراسی وەك چەشنێك لە حکومەت، دیاردەیەکی کۆن. بە پێ پۆلێنبەندیی چەشنەکانی حکومەت کە لەئەندێشەی سیاسیی یۆنانەوە گەیشتۆتە ئێمە، دیموکراسی حکومەتی ڕێژەی زۆر، زۆرترین یان زۆرینەی خەڵك یان حکومەتی حەشامات (تەنانەت ئەگەر ڕەش و ڕووتەکان دەستی باڵایان نەبێت). ئەم پێناسەیە بەیانگەری ئەوەیە کە دەسەڵات لەدەستی حەشامات یان (Pleithos)دایە. هەروەك لەرەگی وشەی دیموکراسییەوە دەردەکەوێ، بەکورتی, دیموکراسی حکومەتی خەڵکە و لەبەرانبەر حکومەتی یەك کەس یان حکومەتی کەمینە دادێت. بەدرێژایی چەندین سەدە, گەلێك قسە لەسەر جیاوازیی دیموکراسی کۆن و مۆدێرن کراوە. هەروەها بە گۆڕانی هەلو مەرجی باوەڕەکان و هەروەها بە پێی ڕادەی پشتیوانی لەحکومەتی خەڵك لەبەرانبەر حکومەتی یەك کەس یان ئۆلیگاریشدا ئاراستەی بەهایی دیموکراسی گۆڕانی بە سەردا هاتووە بەڵام بەمانای پڕەنسیپی مافی حکومەت کردنی خەڵك نیە (مەبەست لەخەڵك گشت ئەو شارۆمەندانەن کە مافی مسۆگەری بڕیاردەرییان هەیە) بەڵکو شێوازەکانی بەکاربردن و هەروەها ئاستی پەرەسەندنی ئەوە لە قەڵەمڕەوە جۆراوجۆرەکاندا.

لەهەمان سەردەمی جارنامەکانی مافدا شاهیدی ئەوەین کە نووسەرە فیدرالیستەکان، دیموکراسیی ڕاستەوخۆی دەوڵەت –شارەکانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و دیموکراسیی نوێنەرایەتی،وەک تاکە شێوی گونجاوەکانی حکومەتی خەڵك لەوڵاتە گەورەکاندا لەهەمبەر یەکتر دادەنێن.

همیلتون* لەم بارەیەوە دەنووسێ:

ناکرێ مێژووی کۆمارییە بچوکەکانی یۆنان و ئیتالیا بخوێنرێتەوە و لەو ئالۆزییانەی کە بەردەوام زیاتر دەبوون، لەگۆڕانە یەك لەدوای یەك و بە پەلەکان کە کۆمەڵگەی لە نەوەستانێکی هەمیشەیی نێوان بەردەوامی و ئاژاوەدا ڕادەگرت هەست بە ترس و بێزاری نەکرێت.[1]

---

[1] .A.Hamilton,J.Madison,J.JA,The federalist papers(١٧٨٨),Mentor,London,p.٧١

مێدسیۆن**یش هەر لەسەر ئەم رایەیە: لایەنگرانی حکومەتی خەڵك هیچ کات بەو رادەیە نیگەرانی دۆخ و چارەنووسی ئەم حکومەتانە نابن کە شاهیدی نوقم بوونی ئەم حکومەتانە لە وەها گێژاوێکی ترسناکدا بن[٢]. لەراستیدا ئەم بانگەوازە کە شکانەوە بەرەو دەستەبازی لەدەوڵەت –شارەکاندا دیموکراسی تووشی خەسار دەکات شتێك نەبوو جگە لەبیانوویەك و گەڕانەوەیەك بەرەو هەمان بێدەروەستیی کۆنینەی هەمیشەیی ئۆلیگارشییەکان لەبەرانبەر خەڵکدا. چونکە ئەگەر ئەنجومەنێکی نوێنەران هەبوایە چەند دەستەیی گروپە رکەبەرەکان سەرهەڵدانی حیزبەکاندا لێذەکەوتەوە. تەنیا بەڵگەی بە نرخ بۆ پشتیوانی لە دیموکراسیی نوێنەرایەتی هەمان بەربەرینیی دەوڵەتی مۆدێرنە و یەکێك لەیەکەمین نموونەکانی، یەکێتی سێزدە کۆلۆنی ئینگلستان بوو کە نووسەرە فیدراڵیستەکان بە باسکردن لەسەر یاسای بنەرەتی نوێیئەو یەکێتییەوە سەرقاڵبوون. تەنانەت رۆسۆ کە لایەنگری بە گیان و دڵی رای پێشینان بوو، ئەم شتەی قەبوولکردبوو. رۆسۆ پشتیوانی پێداگری دیموکراسیی راستەوخۆ بوو کە بڕوای وابوو" ناشێت مافی حکومەت کردن بدرێتە دەست نوێنەران." هەربەم هۆیە خەڵکی ئینگلستان بە هەڵە پێیان وایە ئازادن "و لەم رووەوە لەهەڵەیەکی قورس دان، ئینگلیسییەکان تەنیا کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ئازادن و هەر کە نوێنەرانی پەرلەمان هەڵبژێردران کۆیلایەتی بە سەریاندا زاڵ دەبێت و ئیتر ئازادییەك لەئارادا نامێنێت[٣].چونکە دامەزراندنی دیموکراسی پێویستی بە هەندێ پێش گریمانە هەیە : یەکەم بچووك بوونی وڵات بۆئەوەی بتوانرێ تەواوی خەڵك بە ئاسانی کۆ بکرێتەوە . دووهەم ساکاریی زۆر لەنەریتەکانی ژیاندا سێهەم، رادەیەکی زۆری یەکسانی لەپلەو داراییدا و لەئەنجامدا و چوارەم، ژیانی بێ خەوش یان کەم خەوش. بەم هۆیە رۆسۆ قەبووڵی کردبوو کە ئەگەر مرۆڤ خودا بوایە حکومەتی مرۆڤەکانیش دیموکراتیك دەبوو . بەڵام حکومەتی لەم چەشنە و بێکەمایەسی ناتوانی هی مرۆڤەکان بێت.[٤]

نووسەرانی فیدراڵیست و هەروەها ئەنجومەنە دامەزرێنەرەکانی فەرەنسا هەمووان هاتبوونە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا چەشنی حکومەتی دیموکراتیك و گونجاو بۆ کۆمەڵێك لەدانیشتوان، دیموکراسیی نوێنەرایەتییە، حکومەتێك کە

---

[٢]. Ibid.,p.٧٧.
[٣] J-J.Rousseau,The social contract,p.٢٤٠.
[٤]. Ibid.,pp.٢١٧-١٨.

لەوێدا خەڵك بەشێوەی راستەوخۆ لەسەر کارەکانی خۆیان بڕیار نادەن، بەڵکو کەسانێك هەڵدەبژێرن کە بە نوێنەرایەتی ئەوان ئەم کارە بکەن.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، بێ گومان لەلای ئەوان بەرپا بوونی دیموکراسیی نوێنەرایەتی بە مانای بە بچووك زانینی پڕەنسیپی حکومەتی کردنی خەڵك نەبوو. بەڵگەی ئەم گوتەیە رەنگە لەیاسای بنەڕەتی ڤیرجینیادا(١٧٧٦) ، واتا یەکەمین یاسای بنەڕەتی نووسراو لە ویلایەتەکانی ئەمریکای باکوور، دەست بکەوێت. لەم دیکۆمێنتەدا و هەروەها لەیاسا بنەڕەتییەکانی پاش ئەودا هاتووە کە تەواوی دەسەڵات هی خەڵکە و کەواتە لەلایەن خەڵکەوە دەرچووە، دادوەرەکانیش ئەمین و خزمەتکاری خەڵکن و لەهەموو حاڵێکدا لێیان بەرپرسیارن .
لەماددەی سێهەمی جاڕنامەی ١٧٨٩ گوتەیەکی لەم چەشنە بەرچاو دەکەوێ:
مافی حکومەت کردن لەراستیدا هی خەڵکە. هیچ گرووپ یان تاکێك مافی سەپاندنی دەسەڵاتیان نییە، مەگەر ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بە ئاشکرایی لەخەڵکەوە سەرچاوەی گرتبێ.
هەڵبەت لەراستیدا سەپاندنی راستەوخۆی دەسەڵات بە دەستی خودی شارۆمەندەکان لەگەڵ سەپاندنی راستەوخۆی دەسەڵات لەرێگەی نوێنەرە هەڵبژێرداروەکانی ئەوانەوە، ناسازگار نییە. یاسای ئێستای ئیتالیا، کە لەوێدا هەندێ خاڵ بۆ ریفراندۆم دانراوە ئەم شتە دەردەخات، هەرچەندە کە لەو ریفراندۆمانەدا خەڵك تەنیا دەتوانین هەندێ لەیاساکان قەبوڵ یان رەت بکەنەوە. بەڵام جیا لەم بابەتە پڕەنسیپی مافی حکومەت کردن هەردووك چەمکی دیموکراسیی راستەوخۆ و دیموکراسی ناراستەوخۆ لەخۆ دەگرێت، هەرچەندە ئەم دووانە لە شێواز و چۆنیەتی سەپاندنی حکومەتدا جیاوازییان لە گەڵ یەکدی دا هەیە.
ئەم باوەڕەش دیموکراسیی نوێنەرایەتی بەهێزتر کرد کە نوێنەرانی هەڵبژاردەی شارۆمەندەکان باشتر لە خۆیان دەتوانن بەرژەوەندییە گشتییەکانی شارۆمەندەکات بناسن چونکە هەر شارۆمەندێك بە بەرچاوەتەنگیەوە تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە جا هەر بەم هۆیانە دیموکراسیی نوێنەرایەتی بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجەکانی حکومەتی خەڵکی گونجاوترە و لەبەرانبەر یەکتردا دانانی دیموکراسیی کۆن و دیموکراسیی مۆدێرن لانی کەم لەم مانایەدا کە دیموکراسی کۆن بۆ دەستخستنی ئامانجە ئاماژە پێکراوەکان لە لەدیموکراسیی مۆدێرن کامڵترە،

لەو پەری خۆیدا چەواشەکارانەیە. مێدیسۆن لەو باوەڕەدا بوو کە سپاردنی دەسەڵاتی حکومەتی بە ژمارەیەکی کەم لەخەڵك کە ئاقڵبوونەکەیان سەلمابێت، بڕیاردان لەسەر "بەرژەوەندییە راستەقینەکانی" وڵات دەنێتە ئیختیاری کەسانێکەوە کە دوورە نەیکەنە فیدایی تێبینیە زووتێپەر و لایەنگرانەکانی خۆیان[٥] هەڵبەت ئەمەی کە هەرکەسێك لەپاش هەڵبژاردنی چ رێکارێکی دەگرتە بەر ئیتر پێوەندی بە خۆیەوە بوو. بە هەر حاڵ، ئەو ئیتر نەك کار گوزاری باوەڕپێکراوی ئەو کەسانەی کەهەڵیان بژاردبوو بەڵکو نوێنەری هەموو خەڵك بوو. ئەگەر بڕیاروابوو کە دیموکراسی بە مانای راستەقینەی وشە نوێنەرایەتی بێت، ئیتر نەدەکرا نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لەچوارچێوەی خواستی دەنگدەراندا بەرتەسك بکرێتەوە. ئەوجۆرە وابەستەییە تایبەت بوو بە هەندێ کۆمەڵگەی لەسەر بنەمای پلە و کاست لە رۆژگارە کۆنەکاندا، کۆمەڵگەگەلێك کە لەوێدا گروپە جۆراوجۆرەکان، ئەنجومەنەکان و دەستەکان وەك کەرەستەیەك بۆ گواستنەوەی داواکارییە تایبەتییەکانی خۆیان بۆ حکومەت کەڵکیان لەنوێنەرەکانی خۆیان وەردەگرت.

ئینگلستانبۆ دابڕان لەم سوننەتەش هەر پێشەنگ بوو.

هەروەك بۆرك دەڵێ: هەموو مرۆڤەکان راو و بۆچوونی خۆیانیان هەیە. بۆچوونی دەنگدەرانیش گرنگە و جێگەی خۆیان هەیە. بۆچوونی دەنگدەرانیش گرینگە و جێگەی رێزە و چ باشتر کە نوێنەرانیش بەردەوام خوازیاری گوێدان بەوان بن... بەڵام حوکمە فەرماندەرانەکان و دەرکردنی فەرمان کە نوێنەرەکان ناچار دەکات بۆ گوێرایەڵی و پشتیوانی و بەرگریی کوێرانە بێ سەنجدان بەبۆچوونی دەنگدەرەکان... لە گەڵ یاساکانی ئەو وڵاتەدا بە تەواوی نامۆیە.[٦]

تەنانەت ئەنجۆمەنە دامەزرێنەرەکانی فەرەنساش لەسەر بنەمای بۆچوونە روون و ئاشکراکانی سی یێس (١٧٤٨-١٨٣٦) کاریان دەکرد، لەیاسای بنەڕەتی ١٧٩١(نەسکی سێهەم، بەشی یەکەم، بەندی سێهەم، مادەی حەوتەم) بۆ جودایی رەسمی و پێویستی نوێنەران لە دەنگدەران هەندێ رێگەیان رەچاو کربوو. بەپێی ئەم مادەیە، پێدانی هەر جۆرە فەرمانێکی زۆرەملێ بە نوێنەران قەدەغە کرابوو و یاسا پێداگری دەکرد کە( نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەر(بنکەیەکی هەڵبژاردنdepartement) ئیتر نوێنەری تایبەتی ئەو ناوچەیە

[٥] Hamilton,Madison,J.Jay,The federalist papers,p.٨٢.

[٦] E.Burke,speech at the conclusion of the poll on his being Declared Duly elected (١٧٧٤), The works, John C.Nimmo. London ١٨٩٩,Vol٢.p.٩٦.

P.Violante,Lo spazio de;;a rappresentanza. Ifrancia ١٧٨٨-١٧٨٩,Palermo ١٩٨١

نین بەڵکوو نوێنەری گشت خەڵکن و بەم هۆیەوە دەنگدەران مافی ئەوەیان نیە فەرمانیان پێبدەن) لەوە بەدوا، ئەمە کرایە یەکێك لە پڕەنسیپە پێویستەکانی کارکردی سیستەمی پەرلەمانی و نوێنەران ریگەی قەبوڵکردنی فەرمانە زۆرەملێکانی دەنگدەرانیان لێ گیرا. لەراستیدا، هەر ئەم پڕەنسیپە، سەردەمی حکومەتی پەرلەمانی لە دۆخی بەر لە خۆی، کە لەسەر پڕەنسیپێکی دژواز، واتە نوێنەرایەتیی سەندیکایی corporative representation وەستابوو، جیاکردەوە، دۆخێك کەلەوێدا نوێنەرەکانیان بە پشت بەستن بە فەرمانە زۆرەملێکان، بەرەسمی ناچاردەکرد کە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیی دەنگدەرەکانیان تێبکۆشن و ئەگەر نوێنەرێك لەم رێگەیدا کەم تەرخەمی بکردایە لە مافەکانی نوێنەربوونی خۆی بێبەش دەکرا. لەناوچوونی دەوڵەتی سەندیکایی corporative state دەرفەتی بەدیهاتنی تایبەتمەندێتییەکان و سەربەخۆیی تاکی رەخساند و کەسانی تر نەك لەپێگەی ئەندامی یەك سەندیکادا، بەڵکو وەك تاکی سەربەخۆ ئەرکی هەلبژاردنی نوێنەرانی گەلیان لەئەستۆ بوو. دەنگدەران داوایان لە نوێنەران دەکرد کە نوێنەرایەتی تەواوی خەڵك بکەن. لەم رووەوە نوێنەرەکان خۆیان رێگەی خۆیان دیاری دەرکردو بریارەکانی ئەوان لە بەندی هیچ فەرمانێکدا نەبوو، کەواتە ئەگەر مەبەست لە دیموکراسیی مۆدێرن هەمان دیموکراسیی نوێنەرایەتییە و هەروەها ئەگەر کاکڵی دیموکراسیی نوێنەرایەتی ئەوەیە کە نوێنەرانی خەڵك بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەبەندی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی دەنگدەران یا هەڵبژێرەرەکانی خۆیاندا نەبن، دیموکراسیی مۆدێرن لەسەر سیپارەکردنی خەڵك(atomic ation) بەتاکە لێك جوداکان لە ئاستێکدا و یەکبوونەوەی دووبارەی ئەوان لە ئاستێکی تردا، لە ئاستێکی باڵاتر و لەهەمان کاتدا- بەتەسکتر- واتا کۆمارە پەرلەمانییەکان- وەستاوە. ئەمرۆکە ئەم پرۆسەی سیپارەکردنە بەستێنێکە بۆ تێگەیشتنێکی لیبراڵی لە دەوڵەت، کە هەروەك پێشتر گوتمان بنەماکانی لە پڕەنسیپی مافی سروشتی و پێشێل نەکرانی مافی تاکدا دەست دەکەوێت.

Rojhalat